# راگەیاندنی (گروپی هاوپشتی لە خۆپیشاندان) لە زانکۆی صەلاحەدین

سەرەرای بوونی هەزارو یەك کیشە لە ناوەندەکانی خویندن ولە بەشە ناوەخۆیـەکان, کـە وەزعیـەت و گـوزەرانی قوتابـان لـە ئاستیکی زۆر خراپدایە , چەندین سالە بە دەست نەبوونی مامۆستای پسپۆر و نـەبوونی تاقیگـە و ئـامیری زانـستی و هـۆلی خویندن دەنالینن‌و بەناچاری قوتابیان رووبە رووی ئیفلیج ترین سیستەمی خویندن بوونەتەوە. کەچی دەسـەلاتدارانی کوردسـتان لە هەولی کردنەوەی کۆلیژی ئیواران وئەهلیدان. کە جگە لە فرۆشتنی شەهادەیەکی رۆتینی بە بریك پارە ناتواندری هیچ ناویکی تری لیبندریت. دواین هەولیان کردنەوەی زانکۆی ئایندەیە لە سلیمانی.

ئەگەر کردنەوەی زانکۆی ئەهلی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیە لە کوردسـتان وەك دەسـەلاتداران باسـی دەکـەن ,سەرەتا با چاویك بە زاکۆکانی تربخشینن ئەوسا دەست بۆ کاری لەم شیوەیە بەرن. کردنـەوەی زانکـۆی ئاینـدە هـیچ پاسـاویك هەلناگریت ئاستی زانستی و ئەکادیمی قوتابیان زیاتر بەرەو داروخان دەبات, کە تا ئیستا قوتابیانی زانکـۆ بەدەسـت نـەبوونی کایەیەکی ئەکادیمی ومەعریفی دەنالینن, کۆمپیوتەر وئینتەرنیت بە باشترین هۆکار دادەندریت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی هەر کەسیك لە هەموو جیهان کەچی لە زاکۆکانی لای خۆمان باسیکی نیە. کتیبخانەکان هەر لە دائیرەیەکی ویرانکراوی بەغـدا دەچیت.

بۆیە ئیمە یەك هەنگاو لە خواستەکانمان نایەینە خوارەوە. دەبیت بە زووترین کات زانکۆی ئاینـدەی ئـەهلی دابخریـت. ئیمـە کۆمەڵێك قوتابی لە زانکۆی صەلاحەددین پشتگیری خۆمان بۆ مانگرتنەکـەی هاوڕێیانمـان لـە زانکـۆی سـلێمانی رادەگەیـەنین و(گروپی هاوپشتی لە خۆپیشاندانمان) پیك هیناوە بەردەوامیش لە هەولی فراوانکردنی ریزەکانمانین تا بە دەست هینـانی تـەواوی داواو خواستەکان مان.

**لیژنەی دامەزراندنی**

**(( گروپی هاوپشتی لە خۆپیشاندان))**

**بەشدار علی**

**رۆژین عزیز**

**هاوکار عمر**

**ستار ئەحمەد**

**گەشاو عەلی**

**بارزان سلیم**

**ماردین عزیز**